# ڕەگوڕیشەی هاوبەشی نێوان زمانی سۆمەری و زمانی کوردی

د. موئەیەد عەبدولسەتار
لە عەرەبییەوە: موکەرەم ڕەشید تاڵەبانی

شوێنەوارناس و زمانزانان زۆر تۆژینەوە و لیکۆڵینەوەیان سەبارەت بە زمانی سۆمەری و ڕەگوڕیشەی ئەو زمانە بڵاوکردووەتەوە و هێما بزمارییەکانیان شی کردووەتەوە و دەقە جۆراوجۆرەکانیان وەرگێڕاوە کە لەسەر خشتی سوورکراوە و نەخشی سەر دیوار و پەیکەر و گۆزە و میتاڵ هەڵکۆڵراون، هێشتەیش زۆر نەخش و نووسینی دیکەش پێویستیان بە وەرگێڕان و خوێندنەوە هەیە، بێجگە لەوەی ئەوانەی کە وەرگێڕراون پێویستیان بە خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە، ئەویش بە پێی ئەو زانست و لێکۆڵینەوە نوێیانەی کە ئەکادیمییە پسپۆڕەکانی زۆر لە موزەخانە و زانکۆکان بڵاویان دەکەنەوە.

هیواخوازین موزەخانە و زانکۆکانی ئێراقیش ئەرکی خۆیان بەرانبەر بە شوێنەوار و خشتە سوورکراوە و نەخشەکان جێبەجێ بکەن و وەریانبگێڕن و لێیان بکۆڵنەوە، چونکە ئەو کارە بۆ زانست و گەشتیاری و مێژوو و پلەوپایەی بەرزی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار (میسۆپۆتامیا ) لە ناو گەل و نەتەوەکاندا زۆر گرنگە.

زانایان ئاماژەیان بە پێوەندییەکی توندوتۆڵی زمانەوانی نێوان زمانی سۆمەری و خێزانی زمانە ئارییەکان کردووە، یەکەمین پێوەندیی زمانی سۆمەرییان لە چوارچێوەی نەخشەکانی قەد چیای بێستوون لە کوردستانی ئێران ـ ئیلام ـ نیشتمانی کوردی فەیلی سەلماند، کە بە سێ زمانی کۆنی جۆراجۆر نووسراون، بەڵام ئەو کۆششانەی بوونە هۆی هەڵهێنانی هێماکانی ڕێنووس و نووسینی سۆمەری و زانینی نهێنییەکانی و خوێندنەوەیان و وەرگێڕانیان بۆ زمانانی نوێ هێشتە کەموکورتییان تێدایە و پێویست بە لێوردبوونەوەی بەردەوام و پەرەپێدان و ڕاستکردنەوە هەیە، ئەوەیش پێویست دەکات تۆژێنەر زمانی فارسی و کوردی و هیندی، بێجگە لە ئینگلیزی بزانێت کە لەگەڵ سۆمەریدا لە زۆر خەسڵەت و وشە و دەربڕیندا هاوبەشن، وەک چۆن لێکۆڵینەوەی زمانی ئەکەدی پێویست بە زانینی زمانی عەرەبی و کۆمەڵەی زمانە سامییەکان دەکات.

ئەوەی جێی سوودە بیڵێین ئەوەیە کە زمانی سۆمەری بەر لە پێنج هەزار ساڵ، یان پتر بەو شێوەیە نەبووە کە ئێمە ئێستە زمانەکانی تێدا بەکاردەهێنین، چ لە ڕووی دەنگ، یان داڕشتنەوە ـ داڕشتنی وشەگەل و دەربڕین و ڕستە ـ، هەروەها نە لە ڕووی نووسین و بنەماکانی ڕێنووسیشەوە، لەبەر ئەوەی بە درێژایی سەدان ساڵی ڕابوردوو سونەتی پەرەسەندن بووەتە هۆی پەرەسەندنی (کۆئەندامی دەنگ) لای مرۆڤ و پەرەسەندنی زمان و وشەگەل و زاراوەگەل و داڕشتنی زمان.

زمانی سۆمەری پێکەوەنووساندنی وشە لەگەڵ یەکدی، پێکەوەنووساندنی پێشگر و پاشگری وشەی بۆ دروستکردنی وشەی نوێ بەکارهێناوە، ئەم خەسڵەتەیش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی زمانی کوردی، چونکە کاتێک دەڵێین (باڵا) بە واتای بەرز، پایەبەرز دێت. ئەو کاتەی وشەیەکی دیکەی وەک (دەست)ی پێوە دەلکێنرێت دەبێتە (باڵادەست)و واتایەکی نوێ دەبەخشێت کە واتای دەستڕۆیشتوو، یان بەهێز دەگەیەنێت، ئەگەر وشەیەکی دیکەی لە پێشەوە پێوە بلکێنین وەک (کار) ئەو کاتە دەبێتە (کارباڵا) بە واتای کاری گەورە ...تاد، بۆیە زمانی کوردی لەگەڵ ئەو زمانانەدا جیاوازی هەیە کە ئیشتیقاقین.

بێجگە لەوەی پێوەندییەکی ئاشکرا و ڕوون و بەهێز لە نێوان وشەگەلی سۆمەری و وشەگەلی کوردیدا هەیە، زانایان هەستیان بەوەیش کردووە کە پێوەندی لە نێوان زمانی سۆمەری و زمانی سەنسکریتیدا هەیە و گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە زمانی سۆمەری و زمانانی هیندۆ ئێرانی پێوەندیی بەهێز پێکەوەیان دەبەستێت، ئەوەی زانراویشە کە تۆماری زنجیرە پاشاکانی سۆمەرییەکان بە تۆمارکراوی لە زمانی سەنسکریتیدا دۆزراوەتەوە.

ماوەیەکی زۆرە زانای بریتانی (L.A. Waddell) لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی خۆی سەبارەت بە پێوەندی زمانی سۆمەری بە زمانانی ئاری و ئینگلیزی بڵاوکردەوە و گەیشتە ئەو بڕوایەی کە لە سەدا پەنجای وشەگەلی ئینگلیزی بۆ ڕەگوڕیشەی سۆمەری دەگەڕێنەوە. (١)

شتێکی سەیریش نییە ببینین لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەوە دەسەلمێنن کە نژادی جینیی زۆربەی پیاوانی ئینگلیز بۆ نژادەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێنەوە، بە تایبەتی ناوچەی چیاکانی زاگرۆس ـ ئیلام ـ و کەنداو و ئێراق و سووریا، ئەویش بە هۆی کۆچکردنی جووتیاران بۆ ئەورووپا لە سەردەمە کۆنەکاندا ـ نزیکەی دە هەزار ساڵ پێش ئێستە ـ (٢).

پێشتریش لێکۆڵینەوەیەکم سەبارەت بە پێوەندی زمانەوانی نێوان زمانی سۆمەری و کوردی و ئینگلیزی بڵاوکردەوە و لە کاتی بەدواداچوونی ئەو بابەتەیش بۆم دەرکەوت کە زۆر لە وشەگەل و ناوی سۆمەری پێوەندییەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ زمانی کوردی نوێدا هەیە کە ئێستە بەکاردێت، بۆیە دەکۆشم هەندێک لەو دەرەنجامانە بخەمە ڕوو کە هەڵمهێنجاون و لای لێکۆڵەر و تۆژینەری دیکەیش بینیومن. لەمەیشدا سوودم لە فەرهەنگی سۆمەری ئاری زانا ویدڵ وەرگرتووە کە ڕەگی وشە سۆمەرییەکانی وەرگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی.

دەبێت ئاماژە بەوەیش بکەین کە نووسین، یان ڕێنووسی سۆمەری لە سەردەمی سەرەتایدا بزماری نەبووە، بەڵکو پیکتۆگرافی (Pictography)، واتە وێنەیی بووە. مێژووی بەکارهێنانی ئەوەیش بۆ پتر لە سێ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە پاشان بەرەو هێمای بزماری پەرەی سەند کە لە ڕێنووسی وێنەیی زۆر هێمادارتر بوو.

## ڕەگی وشەی (AR)ی سۆمەری

وشەی سۆمەری (A) چەند واتایەک دەگەیەنێت لەوانەیش ئاو، بە نووسینی وێنەیی سۆمەری بە نیشانەی دوو هێڵی چەوت لە شێوەی ڕووبار هێمای پێ دەکرێت، کە بە کوردی پێی دەگوترێت ئاو، لە فارسیدا ئاب و لە شێوەزارێکی دیکەی کوردیدا ئاڤ، بۆ ڕەگی سۆمەری (ا)ی وشەی ئاو هەمان ڕەگە کە هێشتە لە زمانی کوردی و فارسیدا بەکاردێت.

ئەگەر وشەی (ئاری) وەربگرین، ئەو ناوەی کە گەلانی ئاری پێ ناسراون، دەبینین ڕەگی سۆمەری هەیە و پێوەندی ئاشکرای لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە، چونکە (AR) لە سۆمەریدا واتای زەوی، یان عەرد دەگەیەنێت.

لە فەرهەنگەکەی ویدڵ لەژێر ڕەگی (AR)دا باس لەوە کراوە کە وشەی (Arid)ی سۆمەری واتای: زەوی، بیابان دەگەیەنێت.

لە کوردیشدا وشەی ئەرەک، (ئاراک)مان هەیە بە واتای شار، یان قەڵا دێت، ناوی ئێراقیش لەم وشە و لەم واتایەوە هاتووە، لەسەر هەردوو لای سنووری نێوان ئێراق و ئێران نزیک بە خانەقین خێڵێکی کوردی بەناوی ئەرکەوازی (ئەرک واز) هەیە، ئەم ناوەیش پێوەندییەکی ئاشکرای بە ڕەگی (AR)ی سۆمەری و ناوی قەڵا، یان شارەوە هەیە، هەرچی (واز)ـە، ئەوە واتای (کراوەتەوە) دەگەیەنێت. لەوانەیش ناوی (هۆرامان ـ ئۆرامان ـ و ئۆرمییە و ئۆرفە و ئەربیل .. تاد کە شاری بەناوبانگی کوردستانن.

لە کوردیشدا وشەی (ئەرد ـ ئەرت، ئەرز) واتای زەوی دەگەیەنێت. وشەی (ئارد)یش کە لە کوردی و فارسیدا بەکاردێت وشەی ئارد دەگەیەنێت، دەبێت ئەوەیش ڕوون بکەینەوە کە ئارد لە سەردەمی کۆندا وەک ئەم ئاردەی

ئێستا بەکاری دەهێنین زۆر سپی نەبووە، بەڵکو لە گەنم و جـۆ و توێکڵی هاڕراو پێکدەهات، بۆیە ڕەنگەکـەی لە ڕەنگی خــاک دەچوو، بۆیە ـ وەک من بڕوام وایە ـ ناوی ئەردی وەرگرتبێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لە ڕووی ڕەنگ و چاندنی لە خاکدا پێوەندییەکی لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە.

بەناوبانگترین وڵاتی سەر بە کورد (ئوورارتوو)ـە، کە لە (ئوور+ ئارت) پێکهاتووە، کە ئەمەی دوایی لە وشەی ڕەسەنی (Earth)ی ئینگلیزییەوە هاتووە و لەسۆمەریدا (Arata) واتای زەوی، وڵات، بەرزایی دەگەیەنێت.

ویدڵ لە فەرهەنگەکەیدا دەڵێت ڕەگی سۆمەری (ARA) و (AR) بە واتای وێران، وێرانە دێت و بە هێمای گاسن (هەوجاڕ) ئاماژەی پێ دەکرێت و لە نووسینی سۆمەریشدا بە وێنەکێشانی گاسن (هەوجاڕ) هێمای پێ دەکرێت. لە سەنسکریتیشدا (AR) بە واتای (بریندار) دەکات، ئازاری دەدات، زوڵمی لێ دەکات) دێت و (Ar-ma)یش بە واتای وێرانە و (Arya-nam) بە واتای شەیتان دێت، تێبینی ئەوەیش بکە وشەی (ئەهریمەن) لە کوردی و زەردەشتیدا واتای (شەیتان) دەگەیەنێت کە خوای تاریکی، یان خوای شەڕە، بەرانبەر بە (ئەهۆرەمزدا) کە خوای ڕووناکی و چاکەیە.

## خواوەند داغان داهێنەری گاسن

گاسن (ARA) گەورەترین داهێنراوی سۆمەرییەکانە، کە لە ئاکامی دۆزینەوەی مێتاڵ و پەرەسەندنی دروستکردنی ئاسن و مسەوە هاتە کایەوە و بوو بە هۆی دروستکردنی چەقۆ و پاچ، زۆر لەم ئامێرانەیش هەن کە لە (سووسە ـ ئیلام )ی بنکەی شارستانیەتی سۆمەری دۆزراونەتەوە و هەندێکیان لە بەناوبانگترین مۆزەخانەکاندا پارێزراون، وەک مۆزەخانەی بریتانیا و مۆزەخانەی لۆڤەر.

بە هۆی داهێنانی ئامێری گاسنی پەرەسەندووی سوودبەخشی (AR)ـەوە، ناوی چووە سەر ناوی زۆربەی ئامێرەکانی دیکە کە مێتاڵ و ئاسن و مسیان تێدا بەکاردەهێنرێن، دەبێت ئەوەیش بزانین کە گاسن، یان هەوجاڕ پێوەندی بە زەوییەوە هەیە، چونکە ئامێری جووت کردن و کێڵانە.

بە پێی نەریتی سۆمەرییەکان گاسن لەلایەن خواوەند (داغان ـ Dagan)ـەوە دروست کراوە و هەر لە سەردەمی زۆر کۆنەوە بە هێمایەکی ئایینی ناسراوە و بە ڕێزەوە تەماشای کراوە. لەو بڕوایەشدام کە ناوی خواوەند داغان بەڵگەیەکی لەسەر دروستکردنی گاسن تێدایە، چونکە وشەی (داغ) لە کوردیدا گەرما دەگەیەنێت، ئەم وشەیەیش پێوەندی بە ئاگرەوە هەیە، ئەوەیش زانراوە کە گاسن دروستکردن، بەوەی کە لەسەرەتادا لە دار، یان ئێسکی گیانلەبەران دروست دەکرا و دواتر پەرەی سەند و لە ئاسن، یان مس، یان مێتاڵی تێکەڵ کراو دروست دەکرا، بۆیە دروستکردنی پێویستی بە ئاگری گەرم دەکرد بۆ ئەوەی کان، یان مێتاڵەکان بتوێنێتەوە، بۆیە ئاگر و گەرمایی و دروستکردنی گاسنیان دایە پاڵ خواوەندی ئاگر (داغ)، جا بۆ ئەوەی گەورەتر بێتە پێش چاو کۆیان کردەوە و بوو بە (داغان) لەسەر شێوەی (ئیزد ـ ئیزدان) خواوەندی خواوەندان و شاهی شاهان کە بوو بە شاهەنشا، واتە گەورەی شایان. دەبێت ئەوەیش بزانین کە وشەی (داغ)ی سۆمەری هێشتە لە زمانی کوردی و فارسیدا بە هەمان واتای کوردی بەکاردێت: گەرم، چووەتە ناو شێوەی قسەکردنی ڕۆژانەی ئێراقیشەوە و بۆ نموونە لە وشەی (قەنداغ) بە واتای ئاوی گەرم دێت، کە ئەوەیە هەندێک بەیانیانی زستانان لەگەڵ کەمێک شەکردا دەیخۆنەوە، وشەکەیش لە (قەند+داغ) پێکهاتووە. جۆرە نانێکی بەناوبانگیش هەیە پێی دەگوترێت (نان داغ)، واتە نانی گەرمی بە تەنوور دروستکراو.

وشەی (ئاری) واتای (خاوەنی گاسن) دەگەیەنێت، لە سەنسکریتیدا واتای (دلێر ـ ئاغا) دەگەیەنێت، کاتی خۆی بە (هیندستان) دەگوترا نیشتمانی (ئاری)یەکان و وشەی (ئار)، (ئاری) لەلایەن ئەکەدی و حیسی و ئەموورییەکانەوە بە شێوەی (ئاری، ئار) بەکارهێنراوە، لە عەرەبیدا بووە بە (حور) و (حوری)، مرۆڤی (حور)یش پێچەوانەی (کۆیلە)یە، لە ئێراقیش بە قوری باشی پاک دەگوترێت (قوری حوری).

هیرۆدۆتس لە مێژووەکەی خۆیدا سەبارەت بە ناوی وڵاتی فارس بە خاکی ئێرانییەکان ناوی دەبات، ناوی (هاری)یش لەلایەن میتانی و میدییەکانەوە بەکارهێنراوە کە هەردووکیان کوردن، دارایش لەسەر کۆتەڵە بەناوبانگەکەی کە شاکارەکانی خۆی لە ئیلام تێدا تۆمارکردووە (نزیکەی ٤٨٦ پێش زایین) نازناوی (ئاری) بەکارهێناوە.

ئێستەیش بە کوردی بە (فەلاح) دەگوترێت (جوو تی ار: جووتیار)، واتە ئەو کەسەی بە گاسن زەوی دەکێڵێت، چونکە وشەی جوو، جێ، جێگە، چیا.. تاد بە شێوە زارە جیاجیاکانی کوردی بە واتای شوێن دێن و (جیهان)یش لە کوردی و فارسی و هیندیدا واتای (عالەم، دنیا) دەگەیەنێت، لەو ڕووەشەوە ناوی (نورجیهان) لە زمانی عەرەبیدا بڵاوبووەتەوە، واتە ڕووناکی جیهان، چیایش واتە شاخ و داخ، دەبێت ئەوەیش بزانین کە وشەی جێ لە سۆمەریشدا بە واتای شوێن، یان زەوی دێت.

لە زمانی سۆمەریدا زەوی، یان شوێن بە هێمایەکی وێنەیی لەسەر شێوەی سێ گۆشەیەک سێ هێڵی تێدا بێت لە چیا بچێت دەنووسرێت، یان هێمای بۆ دەکرێت، ئەویش بە هۆی ئەوەوەیە کە نیشتمانی سۆمەرییەکان لە چیاکان بووە. بۆ شار، یان وڵات هێما، یان وێنەی سێ چیای پێکەوە دەنووسرێت.

هەروەها زاراوەی (ئارکیۆلۆجی ـ Archaeology) لە ڕەگی (ئار، کی) سۆمەری، کوردییەوە وەرگیراوە، چونکە وشەکە لە بڕگەگەلی: (ئار ـ کی ـ یۆلۆجی)، واتە زانستی لێکۆڵینەوەی قەڵا و شارەکان پێکهاتووە، چونکە (ئەرک) واتای قەڵا و شار دەگەیەنێت، ئەو کاتەیش شار بە شوورەیەک، یان دیوارێک دەور دەدراو وەک قەڵای لێ دەهات، زانستی شوێنەواریش لەو شار و قەڵایانە دەکۆڵێتەوە، بۆیە بوو بەوەی پێی بگوترێت زانستی ئەرک، ئەرکیۆلۆجی.

نازناوی (Herr) لە (جەرمانی ـ ئەڵمانی)دا لە وشەی (ئاری)یەوە هاتووە، بە واتای ئاغا و وشەی ئەرستوکراتی (Aristocrat) ئەویش لە ڕەگی (ئاری)ی سۆمەرییەوە هاتووە.

## ڕەوڕەوە و گالیسکە (ARABANA)

پاش داهێنانی ڕەوڕەوە ئیلامییەکان توانییان گالیسکە دروست بکەن، ئەوەیش شۆڕشێکی دیکە بوو، ناوەکەیشی لە ڕەگی (AR)ـەوە وەرگیراوە، تێبینی ئەوەیش دەکەین کە عەرەبانە بە ئێراقی کردنی وشە سۆمەرییەکە و وشە کوردییەکەی (ARABANA) بێت، کە هێشتە ئەم وشەیە لە زمانی کوردی و فارسیدا بەکاردێت و چووەتە ناو زمانی عەرەبییەوە و بووە بە (عەرەبە)، ئەگەر تەماشای وشەی (BANA) بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەگێکی سۆمەری/ کوردی هەیە و هێشتە لە کوردیدا بەکاری دەهێنین و دەڵێین (بان) بە واتای سەرەوە، یان سەربان، کە هێشتە لە زمانەکانی ئەوروپادا بەکاردێت، ئەو زمانانەی لە زۆر خەسڵەتدا لەگەڵ زمانە هیندۆئێرانییەکانی دیکەدا هاوبەشن، کە کوردی و فارسیش دەگرنەوە، ئەوەتە لە زمانی سویدیدا سەیکڵ بانا(Cykelbana)، واتە ڕێگەی پایسکل، تونێل بانا (Tunnelbana)، واتە ڕێگەی تونێل ـ میترۆی تونێلەکان ـ کە بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت ئەندەر گراوند (Underground) بەکاردێن، هەروەها لە زمانەکانی دیکەدا.

گالیسکەی ئیلامی لە ڕووی توندوتۆڵییەوە بەناوبانگ بوو، بۆیە لەبەر توندوتۆڵی تەوەرەکەی کە لە ئاسن دروستکرابوو و وای لێکردبوو بۆ گواستنەوە و بەکارهێنان بۆ ڕێگەی دوور و باری قورس بشێت، ئاشوورییەکان لە ئیلامیان دەکڕی، هنری ساگس لە کتێبەکەی خۆیدا (دەستڕۆیشتوویی ئاشوور) دەڵێت (ئاشوور پانیپاڵ بە تایبەتی باسی ئەوە دەکات کە قرمیدی پێویست بۆ پڕۆژە گەورەکانی لە بواری ئاوەدانیدا لە هەموو لایەکی وڵاتەکەیەوە بەو گالیسکە ئیلامییانە دەهێنران، کە وەک دەستکەوتی جەنگ دەستیان بەسەردا گرتبوون، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو گالیسکانە بە بەراورد لەگەڵ هاوچەشنەکانیاندا، یان گەورەتر بوون، یان توندوتۆڵتر بوون ـ یان هەردوویان پێکەوە بوون ـ) (٣).

شتێکی سەیریش نییە کە ئاشوورییەکان گالیسکەی ئیلامی بەکاربهێنن، چونکە پێوەندییەکی توندوتۆڵ و پەرەسەندوو لە نێوان ئیلامی و ئاشوورییەکاندا هەبوو، بەڵام بەشەڕ و جەنگ کۆتایی هات کە بۆ دەوڵەتی ئیلام کارەسات بوو، ئەوەی زانراویشە کە ئاشوورییەکان پشتیان بە تیپێکی جەنگاوەر لە سوارەی کورد دەبەست ناوی (کوردۆ)یان لێ نابوو. لای خۆیەوە د. ئیبراهیم داقووقی لە کتێبی (کوردەکانی تورکیا)دا دەڵێت: پاشای ئاشوورییەکان کوردە ئازا و تیرهاوێژە زیرەکەکانیان لە هێزێکی تایبەتدا کردبووە پاسەوانی خۆیان و ناویان لێ نابوو کوردۆ.. کە یەکەیەکی سەربازی بوو لە جەنگاوەرانی بە توانست و بەهێز پێکهاتبوو، بەرپرسیاری سەلامەتی خودی پاشای ئاشووری بوون و لە تەنیشت پاشاوە دەڕۆیشتن کاتێک سوپای ئاشووری بۆ شەڕ بەڕێ بکەوتایە. (٤)

## (ئاربیت Arbete)

(ار)ی ڕەگی سۆمەری پێوەندی بە گاسن و کار و کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەوە هەیە، کە (بی) دەخرێتە سەر واتای ژیان و گوزەران، یان بوون دەگەیەنێت، لە کوردیدا (بی) و (بوو) بۆ چەند مەبەستێک بەکاردێن وەک: لەورە (بی) (واتە لەوێ بوو. م. ر) یان لەیرە (بی) (واتە لێرە بوو. م.ر)، ئەمەیش زۆرتر لە گێڕانەوە و چیرۆک و لە ڕووداو ئاگەدارکردنەوە بەکاردێت.

لە ئینگلیزیشدا Be کاری To be کاری بوون بەکار دێت کە واتای: exist دەگەیەنێت، لەوەیش وتە بەناوبانگەکەی شکسپیر دێت کە دەڵێت:

To be or not to be.

واتای (اربیت Arbete) لە سویدی و ئەڵمانیدا: کار، پیشە دەگەیەنێت، وشەکەیش لە بنەچەدا دەچێتەوە سەر ڕەگی سۆمەری AR , BE و پێوەندی بەو (بی) (بوو .م.ر)ـەوە هەیە کە ئێستە لە زمانی کوردیدا هەیە و بەکاری دەهێنین. دەڵێین: ئەبی (دەبێت. م.ر)، واتە دەبێت، ڕوو دەدات. نابی (نابێت. م.ر): نابێت، ڕوو نادات، بۆیە کۆکردنەوەی نێوان ئامێری ـ گاسن ـ «AR» و کاری ـ ئەبی

(دەبێت. م.ر) واتای کـــار دەگـــەیەنێت کـــە وشـــەی (Arbete)ی لێ پێکدێت.

### ئارەزوو ARAZU

ئارەزوو لە ســۆمـــەریدا واتای نوێژ، پاڕانەوە، تکا دەگەیەنێت، کە هێشتە بە چەند واتایەک لە زمانی کوردی و فارسی و هیندیدا بەکاردێت لەوانەیش: هیوا، ئاوات، چاوەڕوانی، تکا، خۆشویستن، یار. لە ئینگلیزیشدا: ار، ارەزوو ڕەگی بنەڕەتی وشەی (Urge)ـە کە واتای نوێ بە دڵسۆزییەوە دەگەیەنێت. شێوە و واتای جۆراوجۆری دیکەی هەیە وەک (Argue) کە واتای تاووتوکردن و مشتومڕ لەسەرکردن و داخوازی و ... تاد .. دەگەیەنێت.

### تێبینییەکی پێویست

ئەوەی بە پێویست دەزانرێت باسی بکەین کە ناو لە زمانی سۆمەریدا هەندێک جار لە دە وشە پتری هەیە و زۆربەی ناوەکان دوو، یان سێ وشەیان هەیە، واتە ناو چەند ناولێنراوێکی هەیە، بۆیە شتێکی دژوارە بەبێ کۆدێکی زانراوی خوێندنەوەی ناوەکە لە خودی زمانی سۆمەری و خودی شێوەی خۆی بە تەواوەتی بە هۆی پیتی لاتینییەوە بۆ بەرانبەرەکەی بگوێزرێتەوە، زانایانی شوێنەوار و زمانەکانیش نەیانتوانیوە کۆد، یان کلیلی ئەوتۆ دابنێن تا گۆکردنی دروستی ناوەکە ڕوون بکەنەوە، بەڵکو یەک وشەی هاوتایان هەڵبژاردووە و بەپێی خوێندنەوەی خۆیان دایانڕشتووە، بۆیە هەندێک لە ناوەکان دروست هاتوون و زۆربەی دیکەیان بەپێی مەزەندە هاتوون، یان بەتەواوەتی لەگەڵ ناوە ڕەسەنەکاندا نەگونجاون.

ویدڵ بە هۆی تۆماری ناوی پاشاکانی ئارییەکانەوە کە لە میتۆلۆژیای هیندیدا هاتووە توانیویەتی کۆدی ناوی پاشاکانی ئارییەکان دابنێت، ئەوەیش یارمەتی ئەوەی داوە پەردە لە سەر ناوی دروستی پاشاکانی سۆمەرییەکان هەڵبدرێتەوە. زۆر جاریش گۆکردنی ناوە سۆمەرییەکان لە زمانانی بابلی و ئاشوورییەوە وەرگیراون کە بە ڕێنووسی بزماری نووسراون، بۆیە ناوی شاری بەناوبانگی (سووسە)ی پایتەختی ئەمپراتۆریەتی ئیلامی بە لاتینی بە (سۆسیانا)، (سووسە)، (سووسا) SUSA دەنووسرێت. لە زمانی عەرەبیشدا بووە بە (سوسە) ئەویش بە پێی وەرگێڕانی زانایانی شوێنەوار لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە، لە فارسی نوێشدا بووە بە (شوش)، لەکاتێکدا بە هۆی تێبینی و خوێندنەوەی ناوی شارەکە و مێژووی شارەکە و زمانی کوردییەوە بۆم دەرکەوتووە کە دروستتر ئەوەیە بە سەوزە (Sawze) ناوببرێت، کە واتای سەوزایی دەگەیەنێت، ئەوەیش لەگەڵ ڕەوشی شارەکەدا دەگونجێت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی مێرگگەلێکی سەوزەوە و بە بەکارهێنانی گاسن و پاچ بۆ کشتوکاڵ ناوی دەرکردووە و تا ئێستەیش وشەی سەوزە، بە واتای سەوز لە زمانی کوردیدا بەکاردێت.

**پەراوێزەکان:**

**(١) سەیری فەرهەنگی: A Sumer Aryan Dictionary by L. Austine Waddell, London 1927 بکرێت.**

**(٢) سەیری ئەو لێکۆڵینەوەیە بکرێت لە سایتی دێلی مێلی بریتانی بە ناوونیشانی Most Britons descended from male farmers who left Iraq and Syria 10,000 years ago بڵاوکراوەتەوە. ئەویش لەم سایتەوە:**
**http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article-1244654/Study-finds-Britons-descended-farmers-left-Iraq-Syria-10-000-years-ago.html**

**(٣) تەماشای کتێبی دەستڕۆیشتوویی ئاشووری هنری ساگس، ل ٢٨٠، وەرگێڕانی د.ئاحۆ یووسف، دەزگەی یەنابیع، دیمەشق ١٩٩٥ بکرێت، کە بە ناوونیشانی مەزنایەتی ئاشوور، دیمەشق، وەرگێڕراوە. ناوونیشانی کتێبەکە ئەمەیە: The Might That Was Assyria By Henry .W. F. Saggs**

**(٤) ابراهيم الداقوقي، اكراد تركيا، ص ٦١-٦٢، دار المدى، ٢٠٠٣.**

**نووسەر: د. مونەیەد عەبدولقادر: کوردە، ساڵی ١٩٤٨ لە شاری کووت لەدایکبووە. لە بەغدا و هیندستان و سوید خوێندوویەتی. ساڵی ١٩٧٩ چووەتە هیندستان و شەش ساڵ لەوێ ماوەتەوە و ساڵی ١٩٨٤ چووەتە جەزایر و لە زانکۆی تیزۆ ئۆزۆو وانەی گوتووەتەوە و دواتر چووەتە لیبیا و لە ساڵی ١٩٨٨ـەوە تا ١٩٩٠ لە زانکۆی ناسر لە تەرابولس کاری کردووە و ساڵی ١٩٩٠ چووەتە سوید، ئەندامی یانەی نووسەرانی سویدە. چەند کتێبێکی بڵاوکردووەتەوە لەوانە: یادداشتنامە لە وێژەی عەرەبیدا، بەیرووت ١٩٩٦، رامایانا: داستانی بەناوبانگی هیندستان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، بەیرووت ١٩٩٦، اجراس الرحيل، شیعر، دیمەشق ١٩٨٧، (الطريق إلى بغداد، رحلة من أسطنبول إلى بغداد)، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، لەندەن ٢٠٠٣، کورتە چیرۆک، پراگ، ١٩٩٢، لە زۆر ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتی عەرەبی زماندا دەنووسێت.**

**سەرچاوە:**

**www.iraqiwriter.com**